

# دیكۆرە جوانەكانی

مۆدەی جوانكاری و گرنگیدان بە دیكۆری ماڵ وەك هەنگاوێكی بەردام دەبێت بۆ گشت خانمان بە گشتی و ئەوانەی حەز بە دیكۆری جوانیش بكەن بە تایبەتـــی، تەنانەت دەبێتە هەنگاوێكی پێویست بۆ دانانی جوانترین و ناسكترین دیكۆر لە ماڵەكان. ژووری چێشـــت لێنان چی كەمتر نییـــە تاوەكو دیكۆرێكی ســـەرەنجراكێش لە خۆ بگرێت. بۆیە لێرەدا باســـی دیكۆرێكی تازەی ژووری چێشت لێنان دەكەین.

# دەستە مۆدەیەكی جوان و ناسك



دەستە مۆدەكانی جلوبەرگ جیاوازیان هەیە لە مۆدەیەك بۆ جلێكی دیكە، هەر یەكە بـــە پێ جوانی و شـــێوەی دروست كردن و نەخشاندنی مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت، لەگەڵ ئەوەی ئامادەكردن و نەخشاندنی گشت بەشەكانی دەســـتە مۆدە تایبەتمەندی و جوانـــی خـــۆی لێـــوە هەڵدەكەوێت، ئێمەش دەستە جلێكمان بۆ هەڵبژاردوون و دەبێتە مۆدەی تاخمە جلێك بۆ خانمان.



ئەم دەستە جلە پێكهاتووە لە : پۆشـــینی كراس لەگەڵ كۆلۆن – جەنتای دەســـت – چاوێلكـــە – پێـــڵاو، بەمەش هەر یەكە لەم شتانە مۆدەیـــەك پێكدەهێنێت بۆ ئـــەوەی خانمان بیپۆشـــن. ســـەبارەت بە رەنگی دەستە جلەكـــە زیاتر لـــە رەنگی رەش خـــۆی دەنوێنێـــت ئەمـــەش دەبێتـــە نهێنـــی جوانـــی ئەو دەســـتە جلە، چونكە رەنگی رەش لەگەڵ گشـــت رەنگەكانی دیكە دەگونجێت.





# دیكۆری نوێیەكان

شـــێوازەكانی جوانكردن و رازاندنەوەی ماڵ بە گشـــت ژوور و لایەنەكان وەك هەنگاوێكی پێویست و سەرەكی دەبێ تاوەكو ئەنجامی دیكۆر و جوانییەكی گەورە بە ماڵ ببەخشێت. بۆیە دەبێ زیاتر هەوڵەكان بۆ ئامادەكردنی ماڵێكی قەشـــەنگ بێت، بە تایبەت ژووری دانیشـــتن و میوان، چونكـــە لەبەرچاوە و جوانی بۆ ئەو ژوورە پێویســـتییەكی گەورەی هەیە.





# ژووری چێشت لێنان

جوانـــی ئەو دیكۆرە لە رەنگـــی دارەكانییەتی، وەك چۆن لـــە وێنەكاندا دەبینـــن. بەهۆی ئەو رێكخســـتنەی نێوان رەنگی دار و دیكۆرەكانی دیكەی خـــوارەوە دروســـت دەبێـــت و بەمەش جوانییەكی گەورە دەبەخشێت. لایەنێكی گرنگ لە جوانی ژووری چێشـــت لێنان بریتی دەبێت لە جوانی و پاكی ژوورەكە، ئەمەش ئەركی خانمانە لەوەی دەبێ بە جوانترین شێواز پاكی ئەو ژوورە بپارێزن.

# مۆدەی بەدی و كراس بۆ خانمان





مۆدەكانـــی جلوبـــەرگ بەرەو مـــۆدەی تازە رێگەیان گرتـــووە و شـــێوازی نوێ دەبێتە مـــۆدەی جلوبەرگی خانمان بە رێگەیەك دەتوانن ســـوودیان لێـــوە وەربگیرێت لەلایەن خانمان، لێرەدا باسی مۆدیەكـــی جوان و ناســـك دەكەین، ئەم مۆدیە تایبەتە بە مۆدەی داهاتووی وەرزی بەهـــار، دەكرێ لـــەم كاتە بپۆشـــرێت. بەهۆی ئەوەی جـــۆری جلەكـــە بەرگەی سەرما و گەرما دەگرێت. ئـــەم مۆدیـــە پێكهاتووە لە چەنـــد كـــراس و بۆدییەكی سەرەوە بۆ خانمان، شێوازێكی ناسـكی پێـوە دەردەكەوێت لەگەڵ ئـــەوەی جوانییەكی گەورەی هەیە، بۆ گشـــت خانمێك دەبێ لەهەر تەمەنێك بێت، بۆیە بە مۆدەی (كراوە) ناسـراوە. جۆری رەنگەكانی ئەم مۆدیە بریتییە لە : شین – رەساسی – رەش – زەردی خاكی، بۆیە ئەو رەنگانەیان هەڵبـژاردووە تاوەكو لەگەڵ جوانی و سروشـتی وەرزی تازەی بەهار بگونجێت.



# بۆ ژووری دانیشتن

یەكێك لە لایەنە گرنگەكانی ژووری دانیشـــتن وەك مەرجێكی سەرەكی دەبێ كراوە بێت و بە جوانترین شێواز برازێنێتەوە، مەبەست رازانەوە لە دانانی دیكۆر و كەرەستەكان هەر یەكە بـــە پێ جوانی و گرنگی خۆی. هەروەها دانانی قەنەفەكان بە جۆرێك بكەوێتە بەرامبەر یەكتر، بەڵام نابێت ئەوەندە لە یەكتر نزیك بێت. وەك لە وێنەكاندا دەبینین چۆن ئەم دیكۆرانە بە شێوەیەكی جوان و رازاوە ئامادەكراون.







# ئەو دەنکە شخارتانەی بە ٨٠ هەزار دۆلارە

بەهرەی ئەوانەی کاری وێنەکێشـــان و نەخش دەکەن، بە گەورەترین بەهرەی دەستی دادەنرێت لە سەرتاپای جیهان، هەر یەکەش بە گوێرەی کارەکەی هەڵدەسەنگێنرێت. بەم دواییە بەهرەیەکی دیکە پەیدا بووە لە شێوەی وێنەکێشانە تەنیـــا جیاوازییەکـــەی ئەوەیە، ئەو کەرەســـتانەی بۆ وێنەکێشانەکە بەکاردەهێنرێت. ئەم کارەی باسی دەکەین بریتییە لە دروســـت کردنی کەرەســـتە و شێوە لە شتی ئاسایی، یەکێك لەوانە : دەنکە شخارتەیە! پیاوێك بە ناوی (دیڤید ماش)ی تەمەن (٥٢) ساڵ، بەهرەی وێنەکێشـــانی بووە چەند شێوەیەکی دروست کـــراو تەنیا لە دەنکە شـــخارتە، شـــێوەکانیش زیاتر تایبەت بوو بە گیانـــداران، وەك لە وێنەکاندا دەبینن چۆن شـــێوەکان بە جوانترین دیمەن دەردەکەون، ئەوەی سەیر بێت نرخی هەر شێوەیەك لەوانە گەیشتە (٨٠) هەزار دۆلار.




# کەرەستە سەیرەکان!

دروســـت کردنی کەرەستەکان هەر یەکە بەپێی ئەو شێوازە دەبێت کاتێك بۆی دادەنرێت، بە جۆرێك ئەم شێوازانە دەبێتە ئەنجامی کەرەستەیەکی سەیر و جوان لەبەرچاوی خەڵك، ئەو کەرەســـتانە لە شـــوێنە گشـــتییەکان و ماڵ دادەنرێت، دیمەنێکی سەیر و بەرچاو دەبەخشێت.

ئەم چەند کەرەســـتەیەی دەیبینن بریتییە لە چەند قەنەفەیەك، هەر یەکەش لە جۆرە شێواز و دیمەنێك دروست کراوە، هەر یەکە بە جۆرێکە و سوودێکی تایبەتی هەیە. یەکێك لە قەنەفەکان بریتییە لە شـــێوە قەنەفەیەك دیمەنێکی وەك (فریز)ی یاریگاکان وایە، لە ماڵێش دانراوە شـــێوەیەکی بەرچاوی خۆشی هەیە بۆ حەسانەوە و پاڵکەوتن، سەیرێکی وێنەکان بکەن و بزانن بە چ جۆرێك دروست کراوە.

# باڵەخانەیەک لە بوتڵی خواردنەوە!



کارەکانـــی دروســـتکردنی باڵەخانـــە و ئـــەو کەرەستانەی لە بواری بیناسازی بەکاردەهێنن، بە کارێکی قـــورس و گران دادەنرێت، بۆیە بیرۆکەی گەورەی دەوێت تاوەکـــو ئەنجامەکانی باش بێت. چی دەبێت ئەگەر باڵەخانەیەك لە کەرەســـتەیەکی وەك بوتڵی خواردنەوەکان دروســـت بکرێت! بەهۆی زۆری بوتڵی خواردنەوە لە وڵاتی تایلاند بیرۆکەی دروستکردنی باڵەخانەیەکیان بۆ دەرکەوت.

ژمارەیەکـــی زۆر لە بوتڵـــی خواردنەوەیان لە دروستکردنی باڵەخانەیەکی تایبەت بۆ کەنیسە لەو وڵاتـــە ئامادەکرا، واتە بۆ دروســـتکردنی دیوار و دیکۆرەکانـــی ژوورەوە و نـــاوەوە. وەك لە وێنەکاندا دەبینـــن چۆن شووشـــەی بوتڵیان لـــە باڵەخانەکە داناوە!

# وێنە سەیرەکانی دوای ڤالانتاین!



ڕۆژی ڤالانتاین بەسەرچوو، چەندیـــن بۆنـــە و یـــادی جوان و ســـەیر لـــەم ڕۆژە ئەنجامدرا، بەڵام ئەوە نابێتە مانای ئەوەی خۆشەویستی بووەستێت و بەردەوام نەبێت، بۆیـــە لە دوای ئـــەو ڕۆژە چەندین وێنە و بۆنەی جوان و سەیر ئەنجامدراوە، ئێمەش لێـــرەدا باسـیان دەکەیـــن، چونکە هەر یەکە دیمەنێکی جوان و ناسـك دەبەخشێت لە بواری هەســـت و سۆز و خۆشەویستی.



وێنەکانـــی دوای ڕۆژی ڤالانتاین بریتییە لە: وێنەی دوو گیانداری (کەروێشـــك و ســـمۆرە) – شێوەی دڵ بەهۆی فڕۆکـــەی تایبەت لە ئاسمانی وڵاتی ئیسپانیا – کۆ ماچی گشـــتی لە وڵاتی چین – خۆشەویستی نێوان گەنـــج و ئافرەتێکی بەتەمـــەن. ئـــەو دیمەنانە بەهێزن و دەتوانن هەســـتی کەســـانی دیکـــە بجوڵێنن و کاریگەرییـــان هەبێـــت، لەگەڵ ئەوەشـــدا لایەنێکی ســـەیر لە چاوی کەسانی دیکە بگرن.






# گەورەترین نەهەنگ راو کرا !

کاری راوکردن بە قورسترین پیشەی دەستی مرۆڤ دادەنرێت لە جیهان، بە شێوەیەك راو دەبێ سروشتی بێت بەبێ کەرەستەی پێشکەوتوو کە کاری راوچییەتی ئاسان دەکات. لە وڵاتی نێجیریا، توانیان گەورەترین نەهەنگ راو بکەن بە شێوەی راوی سرووشتی، مەبەست لەوە لەلایەن کەسێك بە تیر نەهەنگەکە بریندار دەکرێت و دواتریش دەخرێتە ناو تۆڕ !

ئەوەی سەیر بێت تا ئێستا نەهەنگی لەم جۆرە راو نەکراوە و، چونکە درێژی ئەم نەهەنگە (١٥) مەتر درێژبوو، لەگەڵ پانییەکەی (٣) مەتر دەبێت. دوای ئەوەی نەهەنگەکە پارچە دەکرێت و دەتوانن کێشی بزانن ئەویش گەیشتە (٣) تەن لە گۆشتی نەهەنگ، بەمەش توانرا قازانجێکی ئابووری بە بڕی (٢) ملیۆن دۆلار لە رێگەی فرۆشتنی گۆشتی نەهەنگەکە. وێنەی نەهەنگەکە لەم وێنانە دەردەکەوێت و بێگومان کەس تا ئێستا نەهەنگی لەم شێوەی نەبینیوە.

## ئاهەنگی بووک گواستنەوە لە ژێر



ژیانی هاوسەرگیری بە سەرەتایەکی گەورە دەست پێدەکات، بۆیە دەبێت کاری جوان و شایستەی بۆ بکرێت کاتێك یادەکەی بۆ دوو کەس دەکرێتەوە، لێرەدا مەبەستمان رۆژی ئاهەنگی بووک گواستنەوەیە نێوان بووك و زاوا، هەر نەتەوە و هۆزێك بە شێوازێکی تایبەت رۆژی هاوسەرییەتی بەڕێ دەکەن و هەر یەکەش بە چەندین رێگەی تایبەت، بەڵام ئەگەر سەیری رۆژی هاوسەرگیری ئەو دوو بووك و زاوایە بکەین بێگومان سەرسوڕمانی دەمانگرێت و شتێکی سەیری لێوە بەدی دەکەین.


لە وڵاتی تایلاند کاتێك پیاو و ئافرەتێك دەبن بە هاوسەری یەکتر و لە ژێر دەریا ئاهەنگی بووك گواستنەوەیان سازدەدەن، وەك لە وێنەکەدا دەبینن بە رێگەی هەڵمژینی ئۆکسجینی تایبەت لە ژێر ئاودا ئاهەنگ دەگێڕن!



## لە دوای ٢٣ شوو بەتەنیا دەژی

زانیومانە ئافرەت یان کچ جارێك شوو دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ پیاوێك لە ژیانێکی خۆش و بەختەوەر بژییێت، لە هەندێك حاڵەتدا ئافرەت شووی دووەم دەکات، ئەمەش بە هەر هۆکارێك بێت، بەڵام نەمان زانییوە ئافرەتێك زیاتر لە مێردێك بکات. ئەم خانمەی دەیبینن ژمارەیەکی زۆر شووی کردووە و ئەوەی پێوەی بزانێت سەرسامی دەگرێت.

ئەو ئافرەتە ناوی (لیندا تایلۆر)ە و تەمەنی (٦٨) ساڵ دەبێت لە وڵاتی ئەمەریکا دەژییێت. دوای ئەوەی (٢٣) شوو دەکات و هاوسەریەتی لەگەڵ ٢٣ پیاو پێکدەهێنێت، کەچی لەگەڵ کەسیان ناگونجێت و بۆیە ماوەی ١٢ ساڵ بە تەنهایی دەژییێت، بۆیە بیر دەکاتەوە لە داهاتوو شوو بە پیاوێکی چاك بکات!




## مۆدەی کوتانی جەستەی مرۆڤ !



کوتانی جەستە بۆتە هونەرێکی تایبەت لە جیهاندا، رۆژانە بە هەزارەها وێنەی کوتان (وەشم) لەسەر جەستەی گەنج و لاوەکان دەنەخشێنرێت و دەبێتە مۆدەیەکی تازە لە جوانی و رازندنەوەی جەستە. سەرەتای کوتان (وەشم)، دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی وڵاتی تایلاند کاتێك دەیانویست دۆست و دوژمن لە یەکتر جیاواز بکەنەوە.

لە نمایشێکی گەورە و جیهانی لە وڵاتی لە سەنگافوورە سازدرا، ئەم نمایشە تایبەت بوو بە کوتانی جەستە لە سەر تاوەکو پێ! نزیکەی (٢٥) هەزار کەس بەشداری کردبوو، گشتیان جەستەیان کوترابوو بە چەندەها وێنەی جۆراوجۆر و سەیر. ئەوانەی دەیبینن بریتیین لەو کەسانەی بە جەستەی کوتراو بەشداریان لە نمایشەکە کردبوو، بۆ کوتانی جەستە تەنیا یاسایەك هەیە، ئەویش ناکرێت نێوان چاو و برۆ بکوترێت، بۆ شوێنەکانی دیکەی جەستەی مرۆڤ دەکرێت بکوترێت.



# بەرزترین شوێن بۆ یادگاری

گشت لە ئێمە حەز لە شوێنی بەرز دەکەین بۆ ئەوەی لە بەرزی ئاسمان یان شوێنی بڵند زەوی ببینین، چونکە لە بەرزاییی وێنە و دیمەنەکان جوانتر و بچووکتر دیاردەکەون، لە بیرۆکەیەکی سەیر بۆ ئەو لایەنە لە وڵاتی کۆلۆرادۆ، لەسەر رووباری ئەم وڵاتە بەرزترین شوێنی وێنەگرتن و یادگاری دروست کراوە. شوێنەکە بریتییە لە لێوارێکی چیاییەکی بەرز بە تایبەت بۆ خۆشی دروست کراوە.

شوێنەکە بۆ کاری وێنەگرتن و خۆشی دروست کراوە و رۆژانە بە سەدان کەس سەردانی ئەو شوێنە دەکەن، بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش و وێنەگرتن لەم شوێنە بەرزە، لەوێشەوە مرۆڤ لەسەر زەوی ئەوەندەی مێروولەیەك دەردەکەوێت. بەرزاییی ئەو پردە دەگاتە (٤٠٠٠) مەتر لەسەر زەوی بەرزتر.



# ئۆتۆمبێل لەسەر یەکتر دانراون

دروستکردنی نافوورەکان دەبێتە لایەنێك لە جوانی و رازاندنەوەی شار بۆ دیمەنێکی شارستانی و بەرچاوی خەڵك، چەندین شێوەی نافوورە هەیە و هەر یەکەش بە بیرۆکەیەکی جوان دەنەخشێنرێت، چی دەبێت ئەگەر نافوورەیەك لە کۆمەڵە ئوتۆمبێلێك دروست بکەین!

لە وڵاتی مەکسیك لە شاری مەکسیکۆ، سەیرترین جۆرە نافوورە دروست کراوە، ئەوەش بریتییە لە کۆمەڵە ئوتۆمبێلێك لەسەر یەکتر دانراوە بەسەر ستوونێکی درێژ لە ناوەڕاستی شەقامێك.




# گەر پیاون را ناکەن

یەکێك لەو یارییە خۆش و جەماوەریانەی ساڵانە لە وڵاتی ئیسپانیا ئەنجام دەدرێت، بریتییە لە بەرەڵاکردنی گا سەرشێتەکان ئەوانەی هەرچی بکەوێتە پێشیان بە شاخە بە هێزەکانی لێیدەدەن ! ئەمساڵیش بە هەمان شێوە یارییەکە ئەنجام درا و ئەو خەڵکە لە ترسی گا بەسەر شەقامەکان پەرش و بڵاو بوونە.


وەك لە وێنەکەدا دەبینن کۆمەڵە خەڵکێك لە هەڵاتنن، دوو کەسی دیکەش خۆیان شاردۆتەوە، ئەمەش دەبێتە سەیرترین دیمەن کە شارێك لە دەست یەك گای سەرشێت هەڵبێت!

## کەلـــوەکـــان




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

دیدارێکی سۆزداری لەگەڵ ئەو کەسەی خۆشت ئەوێت دەبێتە هۆی نەمانی ئەو نیگەرانییەی کە ماوەیەکە هەستی پێ دەکەی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بەهێزتر دەبن و چەند کەسێکی نوێ دەناسیت، چەند پاداشتێکت پێ دەگات بەهۆی ئەو کارە باشانەی کە ئەنجامت داون.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

هێندە بە توندی هەڵسوکەوت مەکە لەگەڵ ئەوانەی خۆشت ئەوێن، لەبەر ئەوەی ئەوانە بەردەوام لەکاتە سەختەکاندا بەهاناتەوە دێن. ئەوەندە بیر لەڕابردوو مەکەوە تەنیا سوود لەهەڵەکانت وەربگرە. هەوڵ بدە دڵی ئەو کەسانە خۆش بکەی کە دڵتەنگت کردوون.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

پێش ئەوەی هەر کارێك ئەنجام بدەی،بەباشی بیر لەئەنجامەکەی بکەوە. ئامادەبوونت لەبۆنەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەبێتە هۆی ناسینی کەسێك کە لەداهاتوودا زۆر سوودی بۆت دەبێت. سنورێك بۆ خەرجییەکانت دابنێ و ئەوەندە پارە خەرج مەکە لەبەرئەوەی لەداهاتوودا پەشیمان دەبیتەوە.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

توانات هەیە ئەو گۆڕانکاریانە ئەنجام بدەی کە لەمێژە بیری لێدەکەیتەوە و پێت وایە پێویستن، ئەم ماوەیە زۆر باشە بۆ دەست پێکردنی ئەو گۆڕانکاریانە، ئەم هەفتەیە زۆربەی کاتەکان دڵت خۆشدەبێت و پێکەنین دەبێتە هاوڕێیەکی بەردەوامی تۆ.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

ئەم ماوەیە چاوت بەکەسێك دەکەوێت کە لەمێژە هیواخوازی بیبینی، یادەوەری بەشێکی سەرەکی ژیانی تۆی داگیرکردووە و بۆتە هۆی ئەوەی خەڵك واهەست بکەن تۆ لەدونیایەکی تایبەت بە خۆت دای. چەند نهێنیەکت بۆ ئاشکرا دەبێت کە حەزدەکەی بیزانی.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**


خۆشەویستەکەت تووڕەت دەکات کاتێك داوای وەڵامی چەند پرسیارێکی تایبەتت لێ دەکات و تۆش حەزناکەی بیدرکێنی، هەست بە ماندووبوون دەکەی بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆرە پشووت نەداوە، باشترین ڕێگاش بۆ حەسانەوەت گەشت کردنە بۆ شوێنێکی خۆش و ئارام.

**ئا/ هێمن قەسرەیی**


## کەلــــوەکــــان



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**
دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی ئاڵۆز لەژیانتدا، ئەم هەفتەیە هەست بە دڵخۆشییەکی زۆر دەکەی، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زۆربەی خەمەکانی ڕابردووت لەیاد بچنەوە، خێزانەکەت ئێستا زۆر پێویستیان پێت هەیە، بۆیە پێویستە بەشداری بکەی لەیارمەتیدانی کەسە نزیکەکانت.




**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**
دەست خۆشییەکی گەورەت پێ دەگات ئەگەر لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا کۆتایی بەیەکێك لەکارەکانت بهێنیت، کاتێکی خۆش لەگەڵ هاوڕێکانت و کەسە نزیکەکانت بەسەر دەبەی، زۆر بیر لەپەیوەندی سۆزداری دەکەیتەوە دوای مەخە و ڕازی دڵت بە بەرامبەرەکەت بڵێ.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**
لەڕووی سۆزدارییەوە هەست بە ئارامی دەکەی، ئەمەش دوای پێکهاتنەوەت لەگەڵ خۆشەویستەکەتدا، چەند دەرفەتێکت دێتە پێش بۆ ئەنجامدانی هەندێ کاری تایبەت، بەڵام وا باشترە پێش دەست پێکردنی کارەکان وردەکارییەکی تەواو لەهەموو بوارەکاندا بزانیت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**
کەمێك گۆڕانکاری بکە لەشێوازی بەڕێوەبردنی کارەکانت، بەنیگایەك سەرنجی بەرامبەرەکەت بۆ خۆت ڕادەکێشی و پەیوەندییەکی سۆزداری دروست دەبێت. گشت نهێنییەکانت لای کەس ئاشکرا مەکە با خۆشەویسترین کەسیشت بێت. ئەم هەفتەیە هەواڵێکی خۆشت پێ دەگات.




**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**
ماوەیەکە خۆت دوورەپەرێز گرتووە و لەهەواڵی هاوڕێ و کەسە نزیکەکانیشت ناپرسی،پێویست ناکات بەبێ هیچ هۆیەك وا لەخۆت بکەیت، تۆ بەکەسێکی خۆشەویست و بەوەفا لای دەوروبەرت ناسراوی، بۆیە هەوڵ بدە گۆڕانکاریت بەسەردا نەیەت و وەك خۆت بمێنیتەوە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**
سروشتی تۆ وایە لەهەموو ڕوویەکەوە حەز دەکەی جیاواز بیت لەگەڵ دەوروبەر تەنانەت لەپێکەنین و قسەکردن و ڕۆیشتنیشدا، بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵك زۆر بایەخ بەروخسارت دەدەیت، بەڵام پێویستە لایەنی تریشت لەیاد بێت، بە بێ هۆ لە کەس تووڕە مەبە و دڵی کەس مەشکێنە.



ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی



**ئاسۆیی:**

١- شاعیرێکی شاری هەولێرە خاوەنی وێنەی یەکەم.
٢- شاعیرێکی منداڵانە.
٣- نەخێر(پ)- کەشتی بەعەرەبی (پ).
٤- یانەیەکی وەرزشی ئێرانییە
٥- سەرۆکی عێراق(پ)- وڵاتێکی ئەوروپییە.
٦- یانەیەکی قەتەرییە(پ)- جەژنی یەزیدییە.
٧- بڵبیسە- ئامێرێکی مۆسیقایە(پ)- مارکەیەکی تەلەفزیۆنە
٨- بێچووی کەو- دوویپتی بەڵێ.
٩- چۆن(پ)- نەخۆشییەکە- دوو پیتی نای
١٠- چوار پیتی حافام- ڕێگا(پ)- دوویپتی نیل.
١١- سانا(ت)- وڵاتێکی ئەوروپییە.
١٢- نەخۆشییەکی رووەکییە(پ)- دۆزەرەوەی پەنسلین

**ستوونی:**

١- یاریزانێکی یانەی هەولێرە خاوەنی وێنەی دووەم.
٢- یاریگایەکە لە بەرازیل.
٣- دوویپتی چیا- وڵاتێکی کۆنی کوردانە.
٤- کچە گۆرانیبێژی کوردی کۆچکردووە.
٥- سەرۆکی کوردستان(پ)- دوویپتی ئاو.
٦- ڕووبارێکی کوردستانە وڵاتێکی ئاسیایە- شارۆچکەیەکی عێراقە(پ)
٧- دوویپتی تازە- قاچ- ڕووبارێکە لە عێراق(پ).
٨- فەردیکا(ت)- وەکویەك.
٩-دوویپتی کەو- نیوەی مازی- دوویپتی کەی.
١٠-وەرزشێکی یابانییە- دوویپتە لە یەن- خۆم(پ).
١١- وڵاتێکی ئەوروپییە- سیاسەتمەدارێکی ئەمەریکییە.
١٢-وڵاتێکی عەرەبییە- زانایەکی فیزیای کۆچکردووە(پ).

## بۆ زاخــاوی مێشك

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (بە زمانی عەرەبی واتە شەو)
- پیتی خانەکانی (٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (نەخێر بە عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٦+٩) کۆبکەیتەوە بە مانای (شتێکی سەرەکی لە دروست کردنی خانوو، لەگەڵ چیمەنتۆ بەکاردەهێنرێت)
- پیتی خانەکانی (٨+٧+٦+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەو کەسەی خواردنەوە دابەش دەکات)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (کرماشان) بوو